# ** هەینی دادگەیی دەکرێم**

نووسەر: ئۆرهان پەمۆک
وەرگێڕ بۆ کوردی: ڕێناس جاف

تاوان وگوناحی من ئەوە، ئەو دەمەی باسی قەڵاچۆی ئەرمەنییەکانم کرد،گوایە بە لەونێ ئاشکرا و ڕوون سوکێتیم بە تورکبوون کردووە. لە تورکیا هەروا بەردەوام بۆ نووسەران، دۆسیە و پەروەندەی دادەوانی ساز دەکرێ. دۆسیەسازکردن لە وڵاتێکدا لە دەرگانە و سەروبەندی ئەندامێتی لە یەکێتی ئوروپادایە بەڕاستی مایەی گاڵتەجارییە. هەڵبەت ئەم گاڵتەبازارە تەنێ تایبەت بە تورکیا نییە. ڕۆژی هەینی لە ئەستەمووڵ،ئەو شارەی هەموو ڕۆژانی عومرم لەوێ بەسەر بردووە،لەبەردەم خانووە سێ نهۆمەکەی داپیرەمدا کە چل ساڵی ڕەبەق تاقی تەنێ تیایا ژیا، لە نێو بیناکەی دەزگەی داد،بەرەو ڕووی دادوەران دەبمەوە. گوناح و تاوانم سووکێتی ئاشکرا بە تورکبوونە. دادیار داوای سزای سێ ساڵ زیندانی بۆ کردووم. هەر لەو دادگەدا،بە گوێرەی هەمان یاسای سزا و هەمان مادەی 103 کە منیان پێی بە تۆمەتبار ناساند،دۆسیە و پەروەندەیێکیش بۆ ڕۆژنامەنووسێکی بە ڕەگەز ئەرمەنی ئەستەمووڵی، "هێرانت دینک"،ساز کرابوو کە بە بڕینەوەی شەش مانگ زیندان بۆ وی، کۆتایی پێ هات. ئێستێ دەبێ من پەرۆش بم،کەچی هیچ نیگەران نیم؛ چونکە وەکی پارێزەرەکانم،بڕوا و ئیمانم بە هەڵەبوونی دۆسیەی سازدراو بۆم هەیە و پێم وایە لەباری دادەوانییەوە بەرحەقم و هەروەک زۆرێ لە هەڤاڵانم لە ئەستەمووڵ وتوویانە دڵنیام ناکەومە زیندانەوە. ئەم بارودۆخە، هەرا وهوریاکەی دادگە، ترۆ و شەرمەزار دەکات. هەندێ کە تێدەفکرێم،بەوە دەگەمە زۆرێ لە هاوکارانی ئەستەمووڵیم لە قۆناخێکی ژیانیاندا لەبەر بابەتێ یاخۆ کتێبێ کە بڵاویان کردۆتەوە،پاش وەپشت سەرنانی لێپرسینەوەی دوور و درێژ،ساڵەهای ساڵ،تەمەنیان بە دادگەییکران و زیندان،تێپەڕاندووە.
کولتووری تورکی لە وا هەل و مەرجێکدا خوو و خدەی ساچاندن و بێ فیزی فێری ئێمە کردووە. منیش زۆر جاران ئیمانم بە هەمان نەریت هەیە،بەڵام وا هەست دەکەم ئەمە بۆ خۆ، بەشێکی کێشە و گرفتەکەی ئێمە پێک دێنێ. من سازدرانی ئەو دۆسیەم،زۆر لا سەیر نەبوو؛ چونکە لە وڵاتێکدا دەژیم لە هەر هەل و دەرفەتێکدا لەشکرییەکانی پایەبەرز،پۆلیس و گەورەپیاوانی ئایینی، هەر لەماوەی ژیاندا و بە زیندوویی ،ڕێزیان لێ دەنرێ،بەڵام بۆ نووسەرانیان،پاش ساڵەهای ساڵ گیرۆدەبوون بە دەس دادگە و زیندانەوە،تەنێ چەن ساتێ بەر لە خوێندرانی نوێژی مردوو،بەشیاوی ڕێزنان،دادەنرێن. چونکە دەزگەی دەستەڵات، داوای سزادانی منی کردووە،سیمای گەشی کەسانێکم بەرچاو دێ کە ئاخرییەکەی من بە نووسەرێکی سەرکەوتووی تورک دادەنێن. بەڵام من قەت ئەو چەشنە قسە و باسە هەراسازکەرانەم لەبەر وەدەس خستنی پلە و پایە، بەزاردا نەهێناوە.

# بەسەرهاتی ڕاپۆرەکە

لە مانگی فێبراری لە ڕاپۆرێکدا کە بۆ ڕۆژنامەیێکی سویسریم نوسیبوو،باسی کوژرانی ملوێنێ ئەرمەنی و 30 هەزار کوردم لە تورکیا کرد و بە گلە و گازندەوە نوسیبووم لەبەر بقەبوون وتابۆبوونی ئەو پرسانە لە تورکیا،پێت ناکرێ هیچیان لەسەر بنووسی.

ئەوەی دەمویست بیدرکێنم ئەوە بوو کە ساڵی 1915 بەسەر ئەرمەنییەکانی عوسمانیدا هات. مێژوونووسانی خودان هەڵوێستی دونیا، هەمووان لەسەر ئەو خاڵە کۆک و هاودەنگن کە لە شەڕەکەی یەکەمی جیهانیدا، ئەرمەنییەکانی ئیمپراتۆرێتی عوسمان، بە بیانووی ڕاس نەبوون وهاودەنگ نەبوون دەگەڵ دەوڵەت،بە زۆرەملێ کۆچێندران کەچی لە هەمان دواساتەکانی کۆچی زۆرەملی لە نێو ڕێدا، بێ سەر وشوێن کران. بەڵام وتەبێژانی دەوڵەتی تورکیا،کە زۆربەشیان دیپلۆمات بوون،وێڕای ئەوەی بەردەوام ژماری کوژراوانی ئەرمەنییان زۆر کەمتر لەو هەژمارە ڕاگەیاندووە و پرسی قەڵاچۆکرانی بە پلانیشیان ڕەت کردۆتەوە،پرسی کوژرانی موسڵمانانیشیان بەدەس ئەرمەنییەکان،هێناوەتە گۆڕێ.

یەکەم جقینی زانستی بۆ لێکدانەوەی ڕووداوەکانی ساڵی 1915 کە ڕوانگەی ئەودەر لە بازنەی فەرمیش بۆی لوا،تێیدا بەشدار بێت،پاش دوو جاران چوڵکەشکێنی کاربەدەستانی دەوڵەتی،ئاخرییەکەی لە سێپتەمبەری ئەوساڵدا بە هاریکاری سێ زانکۆی گەورەی ئەستەموول،بەڕێوە چوو. هەڵبەت هەتا بەینێ لەمەوبەر هەرکێ ڕوانگەیێکی ئەودەر لە چوارچێوەی فەرمی لەو پێوەندییەدا هێنابا ئاراوە ،ڕێگەیێکی جگە لە دادگەییکران و زیندان لەبەردەم نەبوو. هەوڵی دەوڵەت بۆ پێنەزانین و ئاگادارنەبوونی میللەتی تورک لەوەی ساڵی 1915 بەسەر ئەرمەنییەکانی عوسمانیدا هات،پرسەکەی وەک تابۆ لێکردبوو.

لە هەمبەر وتەکانی منیشدا زۆر کەسان بە شێوەی توندڕەوانە هەڵوێستیان گرت؛هەڵوێست و کاردانەوەی توندی ئەوتۆ کە تەنێ لە کاتێ خەوشێندرانی تابۆێیکدا سەرهەڵدەدەن: هەندێ ڕۆژنامە بۆ ڕۆژانێک پڕ ببوون لە وتار و بابەت لە دژ من ،لە سووچی هەندێ ڕۆژنامانەوە دەنووسرا کە دەبێ دەنگی کپ بکرێ و دەمی دابخرێ. گرووپی ڕەگەزپەرستی توندڕەو بە کۆمبوون و خڕبوونەوە لە دەوری یەک،بۆ دژایێتی لەگەڵ من، دەستیان دەدایە ڕێپێوان،کتێب و وێنەی منیان ئاور تێ وەر دەدا. هەر بۆیە وەک " کا"، قارەمانی ڕۆمانەکەی چوارساڵ لەمەوبەرم،بەفر،لەبەر هەڵوێستی سیاسیم،لەو شارەی خۆشم دەوێ، لە کووچە و کۆڵانەکانی ئەستەموول،دوور کەوتمەوە. نە دەمویست ئەو ڕووداوە مەزن بکرێ و نەش تەنانەت پێم خۆش بوو کەس دەربارەی شتێ ببیستێ. هەر بۆیە ماوەیێکی دوور و درێژ، بێدەنگیم لێکرد و تەنانەت بە شەرمەزارییەکی گاڵتەجاڕییانە،هەوڵم دەدا ئەو پرسە لەبیر بکەم. بەڵام سووتێندرانی کتێبەکانم لە لایەن فەرماندارێک و ئەو دۆسیەی لە دادگە بۆم کرایەوە،ڕەهەندێکی جیهانی بەپرسەکە بەخشی. ئیدی تێگەیشتم ئەو هەنگاوە دەسدرێژکارانە کە ئاوێتەیە بە چەشنە ڕژدییەکی تاکی و کەسێتی، بۆم مایەی گاڵتەجاڕی نییە و لام دەرکەوت لە

تەک هەل ومەرجێکدا بەرو ڕووم کە دەبێ لە سەرانسەری تورکیا و دونیادا، باسی لێوە بکرێ. گرینگترین شت کە پەڵەیێکی بۆرە بەسەر شەرەف و شکۆی میللەتێکەوە، باسکردن لە خاڵە ڕەشەکانی نێو دیرۆکی ئەو میللەتە نییە. بەڵکو بێدەنگی لە هەمبەر ئەو ڕووپەڕە ڕەشانەیە. هێنانە ئارای پرسیار سەبارەت بە چارەنووسی ئەرمەنییەکانی عوسمانی،لە تورکیای ئەمڕۆ ،بۆتە پێوەر و تاقیکارییەک بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی ئازادی ڕادەربڕین لە وڵات و بە لای منەوە ئەو دوو پرسە لێک جوێ ناکرێنەوە. سەرنجدان و یارمەتیدانی نێونەتەوەیی بۆ دۆخە گاڵتەجاڕییەکەی من،ئەرچی لە لاییەکەوە ئۆقرەم پێ دەبەخشێ،هەندێ جار لەبەر ئەوەی دەمخاتە نێوان دوو جەمسەری وڵاتەکەم و دونیا،ئازارم دەدا. لە لایێکی ترەوە دەبێ بۆ پارێزکارانی ڕۆژاوایی ڕوون بکەمەوە کە ئەندامێتی یەکجارەکی و گشتی تورکیا لە یەکێتی ئوروپا،دەستکەوتەکانی بۆ دوو لا چنە. ئەو پارێزکارانەش دەزانن ئەو وڵاتەی خووی بە زیندانیکردنی نووسەرانی گرتووە و بەو کار و کردەش،پڕ خەنی دەبێ،ڕەنگە نەتوانێ ئیزننامەی ئەندامێتی گشتی یەکێتی ئوروپا،وەدەس بخات،هەڵبەت خودی ئەو پارێزکارانەش،نایانەوێ تورکیا بە شێوەیێیکی گشتی لە یەکێتی ئوروپادا بێتە ئەندام.

وتەیێک : ژێدەری ئەم بابەتە ڕۆژنامەی "شەرق" ،هی ڕۆژی پێنج شەممە 24 سەرماوەزی 1384 هەتاوییە. بەڕێزێک بە ناو وشۆرەتی "ئایدین فەرەنگی"، ئەو بابەتەی لە سەرچاوەیێکی تورکییەوە بە ناونیشانی "ڕادیکاڵ"،وەرگرتووە و وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و منیش کردوومەتە کوردی ،بەو ئامانجەی بۆ خوێنەری کورد،بە کەڵک بێت.

25 ی سەرماوەزی 2705 کوردی

تاران